# نامەی مافەکان بۆ ئەو کەسانەی بە تاوانی پەیوەندیدار بە تیرۆریزم  دەست بەسەرکراون

ئەم نامیلکەیە زانیاریی گرنگت پێدەدات دەربارەی مافەکانت  کاتێک لە  بنکەی پۆلیس دەست بەسەر دەکرێیت. مافەکان بەپێی یاسای سکۆتلەندی و پەیماننامەی ئەوروپا لەسەر مافەکانی مرۆڤ دابینکراون. ئەم بەڵگەنامەیە مافە سەرەکیەکانی خۆتت لەخانەی دەستبەسەری بۆ ڕوونەکاتەوە. ئەمە ئامۆژگاریی یاسایی نیە و تەواوی مافەکانت بۆ ڕوون ناکاتەوە. دەبێت لە ڕاوێژکاری یاسایی سەربەخۆی خۆت بپرسیت.

تکایە بە زووترین کات ئەم زانیارییانە بخوێنەرەوە. ئەم بەڵگەنامە یارمەتیت دەدات بڕیار بدەیت لەو کاتەی لە بنکەی پۆلیسیت. ئەگەر لە هەر شتێکی ئەم نامیلکە تێناگەیت، تکایە لە پۆلیس بپرسە بۆت ڕوونبکەنەوە، یان ئەگەر دەتەوێت کۆپیەکی ساکاری خوێندنەوە یان وەرگێڕدراو وەربگریت.

**مافەکانی خۆتت لەیاد بێت:**

**1.** مافی ئەوەت هەیە بزانیت بۆچی دەستبەسەر کراویت.

**2.** مافی ئەوەت هەیە بزانیت پۆلیس پێیوایە تۆ چیت کردووە.

**3.** مافی ئەوەت هەیە پارێزەر ئاگادار بکرێتەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. ئەم خزمەتگوزاریە بێبەرامبەرە.

**4.** مافی ئەوەت هەیە کەسێکی تر ئاگادار بکرێتەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. بۆ نمونە، ئەندامێکی خێزان، سەرپەرشتیار یان هاوڕێیەک.

**5.** مافی ئەوەت هەیە بە بێدەنگی بمێنیتەوە. پێویست نیە لەسەرت وەڵامی هەر پرسیارێک بدەیتەوە کە پۆلیس لێت دەکەن. بەڵام پێویستە لەسەرت کە ناو، ناونیشان، بەرواری لەدایکبوون، شوێنی لەدایکبوون و نەتەوەکەت بە پۆلیس بڵێیت.

**6.** مافی ئەوەت هەیە بەبێ دواکەوتن بە تایبەت قسە لەگەڵ پارێزەر بکەیت پێش ئەوەی پۆلیس هیچ پرسیارێکت ئاڕاستە بکات. کاتێک پۆلیس پرسیارت لێ دەکەن، دەتوانیت لە هەر ساتێکدا بێت قسە لەگەڵ پارێزەرێک بکەیت.

**7.** ئەگەر خوار تەمەنی **16**ساڵیت، یان خوار **18** ساڵیت و فەرمانی سەرپەرشتیی زۆرەملێ دەتگرێتەوە، مافی ئەوەت هەیە لە لایەن دایک و باوک یان سەرپەرشتیارانتەوە لە بنکەی پۆلیس سەردانت بکرێت.

**8.** مفی بەدەستهێنانی هاوکاریی پزیشکیی دەستبەجێت هەیە.

Crown copyright 2018 ©
ISBN: 978-1-78851-787-4

APS Group Scotland
PPDAS297786 (04/18)

Scottish Government
Riaghaltas na h-Alba
gov.scot

## مافەکانت

تکایە سەرنجی ئەوە بدە: لە دۆخی زۆر تایبەتدا، پۆلیس مافی هەیە دەستگەیشتنی تۆ بەم مافانە دوابخات یان هەڵیانپەسێرێت. بۆ نمونە، کاتێک پۆلیس پێیان وایە دەبێت لەگەڵ تۆ قسە بکەن بۆ ئەوەی نەهێڵن کەسێکی تر زیانی پێبگات. ئەمە مافی تۆ بۆ بێدەنگبوون لەکار دەخات.

## 1. زانیاری بۆ ئەو کەسانەی لە بنکەی پۆلیس دەستبەسەرن

- **مافی بێدەنگبوون**

پێویست نیە لەسەرت وەڵامی هیچ پرسیارێک بدەیتەوە کە پۆلیس لێت دەکەن دەربارەی ئەوەی پێیانوایە چیت کردووە.

هەر شتێک کە تۆ بیڵێیت دەنووسرێت یان تۆمار دەکرێت و، ئەگەر دۆزەکە چووە دادگا، رەنگە وەک بەڵگە لە دادگاییەکەت بەکاربهێنرێت.

پێویستە لەسەرت ناوی خۆت، ناونیشانت، بەرواری لەدایکبوونت، شوێنی لەدایکبوونت و نەتەوەکەت بە پۆلیس بڵێیت ئەگەر داوای ئەو زانیاریانەیان کرد.

- **ئاگادارکردنەوەی پارێزەر کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت**

دەتوانیت داوا لە پۆلیس بکەیت پارێزەرێک ئاگادار بکەنەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. لەم حاڵەتدا، دەکرێت پارێزەری خۆت بێت یان، ئەگەر پارێزەرێک ناناسیت، دەکرێت پارێزەرێک بێت لە رێگەی تەلەفۆنەوە. پۆلیس کاروبارەکان رێکدەخات بۆ ئەوەی بە زووترین کات پەیوەندیی بە پارێزەرەوە بکرێت. ئەمەش بێبەرامبەرە.

- **ئاگادارکردنەوەی کەسێکی تر کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت**

دەتوانیت داوا لە پۆلیس بکەیت پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەن و ئاگاداری بکەن کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. دەکرێت ئەندامێکی خێزانەکەت، هاوژینەکەت، سەرپەرشتیارەکەت، هاوڕێکەت یان هەر کەسێکی تر بێت کە دەیناسیت. بە زووترین کات پەیوەندی بەو کەسەوە دەکەن.

### ئەگەر خوار تەمەنی 16 ساڵیت (یان خوار 18 ساڵیت و فەرمانی سەرپەرشتیی زۆرەملێ دەتگرێتەوە):

- دەبێت پۆلیس پەیوەندی بە دایک و باوک یان سەرپەرشتیارەکەتەوە بکەن کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت.
- دایک و باوک یان سەرپەرشتیارەکەت دەتوانن بێن و لە بنکەی پۆلیس پشتگیریت بکەن.

- **بەدەستهێنانی وەرگێر بۆ یارمەتیدانت**

ئەگەر بە زمانی ئینگلیزی قسە ناکەیت یان لێی تێناگەیت، پۆلیس کەسێکت بۆ ڕێکدەخەن کە بە زمانی خۆت قسە بکات (وەرگێر) تا یارمەتیت بدات. ئەم خزمەتگوزاریە بێبەرامبەرە. شتێکی گرنگە کە لەو قسانە تێبگەیت کە لە بنکەی پۆلیس دەکرێن.

ئەگەر نابیستیت یان ناتوانیت بە روونی پەیوەندی بکەیت، پۆلیس کەسێکت بۆ ڕێکدەخەن تا یارمەتیت بدات. دەکرێت ئەو کەسە وەرگێڕێکی زمانی جەستەیی یان هەر کەسێکی پیشەیی تر بێت. ئەم خزمەتگوزاریە بێبەرامبەرە.

- **ئەگەر تۆ بەریتانی نیت**

ئەگەر تۆ بەریتانی نیت، دەتوانیت داوا لە پۆلیس بکەیت پەیوەندی بە کۆمیسیاری باڵات، باڵوێزخانە یان کونسوڵگەریت بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت و هۆکارەکەیان بۆ روون بکەنەوە. هەروەها دەتوانن بە تایبەت سەردانت بکەن و پارێزەرت بۆ ڕێکبخەن.

- **چی ڕوودەدات ئەگەر تۆمەتبار کرایت یان بە فەرمانی دەستگیرکردن هێنرایت بۆ خانەی دەستبەسەری؟**

ئەگەر بە تاوانێک تۆمەتبار کرایت، ڕەنگە لە خانەی دەستبەسەری ئازاد بکرێیت یان لە بنکەی پۆلیس بتهێڵنەوە و ڕۆژی کاری دواتر ڕاپێچی دادگات بکەن. یان ڕەنگە ئازاد بکرێیت ئەگەر ڕەزامەندی پیشان بدەیت لە بەروارێکی دیاریکراودا بچیت بۆ دادگا.

- **دەستگەیشتن بە بەڵگەنامەکان**

پەڕاوی بەڵگەی دۆزەکە دەدرێت بە خۆت یان پارێزەرەکەت ئەگەر دۆزەکەت ڕەوانەی دادگا بکرێت. ئەمەش ڕێگە بە خۆت یان پارێزەرەکەت دەدات پەڕاوی بەرگیریی تۆ ئامادە بکەن.

مافی ئەوەت هەیە ئەو زانیاریانەت بۆ وەربگێڕدرێت ئەگەر لە زمانی ئینگلیزی تێنەگەیت.

- **ئەگەر نەخۆش یان بریندار بیت**

پۆلیس پرسیاری تەندروستی و لەشساغیت لێدەکات. ڕەنگە پۆلیس داوا لە کارمەندێکی تەندروستی بکات پشکنینت بۆ بکات. ئەم هەنگاوەش بۆ دڵنیابوونە لەوەی لە خانەی دەستبەسەری چاودێری دەکرێیت. ئەگەر هەست دەکەیت پێویستە کارمەندێکی تەندروستی ببینیت، پۆلیس ئاگادار بکەرەوە. ئەگەر نەخۆش بکەویت، یارمەتیی پزیشکییت بۆ دابین دەکرێت.

- **خواردن و خواردنەوە**

بەپێی داواکاری ئاوت بۆ دابین دەکرێت. ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێر و نیوێک لە خانەی دەستبەسەری مایتەوە، خواردنت پێشکەش دەکرێت. ئەگەر هەر پێداویستیەکی ڕێجیم یان ئاینیت هەیە، بە زووترین کات بە پۆلیس ئاگادار بکەوە.

**ئەگەر پێویستت بە پشتگیریی زیاتر هەیە (تکایە سەرنجی ئەوە بدە، ئەمە تەنها زانیاریە دەربارەی خزمەتگوزاری و ئەمە ماف نیە):**

کاتێک لە بنکەی پۆلیسیت، رەنگە پێویستت بە یارمەتی بێت بۆ ئەوەی تێبگەیت چی روودەدات. ئەم هاوکاریە رەنگە لە لایەن کەسێکی یارمەتیدەرەوە دابینبکرێت کە پێی دەوترێت گەورەی گونجاو. ئەمە تۆ دەگرێتەوە ئەگەر کێشەی ژیری یان پێتوانایی فێربوونت هەبێت. ئەگەر پێتوایە پێویستت بەم هاوکاریە هەیە، قسە بۆ پۆلیس بکە.

ئەگەر پۆلیس بزانن پێویستت بەم هاوکاریی گەورەی گونجاو هەیە، داوا دەکەن یەکێک ئامادەبێت، تەنانەت ئەگەر داوایشی نەکەیت.

## 2. زانیاریی بۆ ئەو کەسانەی لە لایەن پۆلیسەوە پرسیاریان ئاڕاستە دەکرێت

- **پەیداکردنی پارێزەرێک تا یارمەتیت بدات**
  - o پۆلیس ئاگادار بکەرەوە ئەگەر دەتەوێت قسە لەگەڵ پارێزەرێک بکەیت. پۆلیس بە زووترین کات پەیوەندی بە پارێزەرێکەوە دەکات.
  - o پارێزەرەکە پێتدەڵێت کە ئایا بێبەرامبەر راوێژت پێشکەش دەکەن یان دەبێت تێچووی خزمەتگوزاریەکە بدەیت. ئەگەر پێویست بکات پارە بدەیت، روونی دەکەنەوە کە دەبێت چەند پارە بدەیت و چۆن دەتوانیت پارە بدەیت. پۆلیس پارەی پارێزەرەکە نادات و باسی ئەوە ناکات چۆن پارە بە پارێزەرەکە بدرێت.
  - o بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەگەر داوا بکەیت پارێزەر لە ژوورەکە لەگەڵت بێت، پۆلیس بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکە رێگەی پێنەدراوە پرسیارت لێ بکات.
  - o هەندێک جار پۆلیس پێویستە دەستبەجێ پرسیارت لێ بکات پێش ئەوەی قسە لەگەڵ پارێزەرێک بکەیت.
  - o قسەکردن لەگەڵ پارێزەر ئاماژەی ئەوە نیە کە تۆ شتێکی هەڵەت کردوە.
  - o دەتوانیت لە هەر کاتێکدا بۆچوونی خۆت دەربارەی قسەکردن لەگەڵ پارێزەر بگۆڕیت. بە زووترین کات بە پۆلیس بڵێ و ئەوانیش پەیوەندی بە پارێزەرێکەوە دەکەن بۆت.
  - o رۆڵی پارێزەر ئەوەیە پارێزگاریی لە مافەکانت بکات و دەربارەی یاسا ئامۆژگاریت پێبدات.
  - o دەتوانیت قسە لەگەڵ پارێزەرێکی ناسراو یان پارێزەرێکی تەلەفۆنی بکەیت. پارێزەر سەربەخۆیە و کار بۆ پۆلیس ناکات.
  - o ئەگەر ئەفسەری باڵای پۆلیس رێگە بدات، چاودێرێک بە جلوبەرگی پۆلیسەوە لە کاتی راوێژکردن بە پارێزەرەکەت ئامادە دەبێت.
  - o رێگەت پێنادرێت گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ پارێزەر بکەیت.
  - o دەتوانیت داوا لە پارێزەرەکە بکەیت لەو ژوورەدا ئامادە بێت کە تیایدا پۆلیس پرسیارەکانت ئاڕاستە دەکات.
  - o ئەگەر پارێزەرەکە وتی دێم بۆ بنکەی پۆلیس و نەهات، یان پێویستت بە ئەوە بوو دووبارە قسە لەگەڵ پارێزەکە بکەیت، داوا لە پۆلیس بکە دووبارە پەیوەندیی پێوە بکەن.

- **ماوەی چەند رادەگیرێیت بۆ پرسیار لێکردن؟**

پۆلیس دەتوانن بۆ 48 کاتژمێر بۆ پرسیار لێکردن راتبگرن بەبێ ئەوەی تۆمەتبارت بکەن. ماوەماوە ئەفسەری باڵای پۆلیس دەبێت تەماشای دۆزەکەت بکات و بزانێت لە خانەی راگرتن دەمێنییتەوە یان نا. ئەمە پێیدەڵێن پێداچوونەوە. تەنها ئەگەر دادگا رێگە بدات دەکرێت زیاتر لە 48 کاتژمێر بۆ پرسیار لێکردن بمێنیتەوە. دادگا دەتوانێت ماوەی راگرتن بەبێ تۆمەتبارکردن درێژبکاتەوە تا ئەوپەڕی 14 رۆژ لە بەرواری دەستبەسەر کردنەکەتەوە. لەم دۆخانەدا، دەبێت ئەمانەت پێ بدرێت:

- بەڵگەنامەیەکی نووسراو کە داواکاریی درێژکردنەوەی راگرتنەکەتی پێ ئەنجامدراوە؛
- ئەو کاتەی داواکاریەکە ئەنجامدراوە؛
- ئەو کاتەی داواکاریەکە لە دادگا خراوەتە بەرباس؛
- هۆکار(ەکان)ی درێژکردنەوەی ماوەی دەست بەسەرکردنت.

دەبێت ئاگاداریەکت پێبدرێت (وە بە نوێنەرە یاساییەکەیشت) سەبارەت بە هەر جارێک داواکاریی درێژکردنەوەی ماوەی دەست بەسەرکردنت بەرزدەکرێتەوە.

تۆ و پارێزەرەکەت مافی ئەوەتان هەیە بۆچوونی خۆتان دەربارەی ئەم بریارانە بڵێن، مەگەر ئەوەی دۆختان گونجاو نەبێت. پارێزەرە دەکرێت دەربارەی ئەمە راوێژت پێبدات.

## سەردانکەرانی سەربەخۆی دەستبەسەری

چەند ئەندامێکی کۆمەڵ رێگەیان پێدراوە دەستیان بە بنکەی پۆلیس بگات. ئەوانە بە سەردانکەرانی سەربەخۆی دەستبەسەری ناسراون و بە شێوەی خۆبەخش کاردەکەن تا دڵنیابنەوە کەسە راگیراوەکان بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و دەستیان بە مافەکانیان دەکات.

تۆ مافی ئەوەت نیە سەردانکەرانی سەربەخۆی دەستبەسەری ببینیت یان داوا بکەیت سەردانت بکەن، بەڵام ئەوان دەتوانن داوا بکەن تۆ ببینن. ئەگەر سەردانکەرێکی سەربەخۆی دەستبەسەری سەردانت بکات کاتێک تۆ لە خانەی دەستبەسەریت، سەربەخۆ لە پۆلیس هەڵسوکەوت دەکەن و ئامانجیانە لە تەندروستیت بپرسن و دڵنیابنەوە مافەکانت پارێزراون. ئارەزووی خۆتە کە قسەیان لەگەڵ بکەیت.